# هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە

## بەشی یەکەم

م.ی.شڤان سیامند حمد
بەرپرسی بەشی بەدەست هێنانی نارەوا
فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت
دەستەی گشتی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان
چوارشەممە
١٢/١١/٢٠١٤

- لایەنی ڕاسپێردراو بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە و چۆنیەتی هەڵبژاردنی
- مەرجەکانی خۆکاندید کردن بۆ پۆستی سەرۆکی دەستە

# لایەنی ڕاسپێردراو بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە و چۆنیەتی هەڵبژاردنی

ماددەی شەشەم:

یەکەم: پەرلەمان هەڵبژادرنی سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لە نێو سێ کاندیددا دەگرێتە ئەستۆ، کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا کاندیدیان دەکات. هەڵبژێردراوە بە مەرسوومێکی هەرێمی و بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت. لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی یەکێک لە کاندیدەکان بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان ، هەڵبژاردن لە نێوانی ئەو دوو کاندیدەی کە زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێناوە، دووبارە دەکرێتەوە سەرکەوتووش ئەوەیە کە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست دەهێنێت.

# مەرجەکانی خۆ کاندید کردن بۆ پۆستی سەرۆکی دەستە

ماددەی شەشەم:

دووەم: کاندید بۆ پۆستی سەرۆک، سەرباری مەرجەکانی گشتیی وەزیفە، مەرجە ئەمانەی دادێشی تێدابێت:

١- بە بەند کردن حوکم نەدرابێت لەسەر تاوانی ناکۆک بە شەرەف.

٢- خاوەن شیاوی و دەسپاکی و بێلایەنی بێت.

٣- بەشدار نەبوو بێت لە تاوانانەی ڕژێمی بەعس پلانی دارشتبن یان جێبەجێی کردبن یان کردوونی.

٤-بڕوانامەی زانکۆی لە یاسادا بە دەست هێنا بێت و خاوەن شارەزایی بێت لە بواری کارەکەیدا بۆ ماوەیەک کەلە پازدە ساڵ کەمتر نەبێت سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی بە کالۆریۆسیان هەیە و دوو ساڵ لەو ماوەش کەم دەکرێتەوە سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی ماجستێریان لە یاسادا بەدەست هێناوە و پێنج ساڵیش سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی دکتۆرایان لەیاسادا بەدەست هێناوە و ماوەی کورتی خوێندن بۆ بە دەست هێنانی هەر یەک لە دوو بڕوانامەکە بە ماوەی کارکردن بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە دادەندرێت.